ۆبیە: ئیدارەی ترەمپ گفتوگۆی لە ڕوبەڕووبونەوە لەگەڵ ئێران پێ باشترە

مارکۆ ڕوبیە، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند، ئیدارەی کۆشکی سپی ئامادەیە گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بکات و دانوستانەکانیشی پێ باشترە لە هەر روبەڕووبونەوەیەك.

مارکۆ ڕوبیە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنفرانسی کانزا دەگمەنەکان، هەڵوێستی واشنتنی بەرامبەر تاران ڕونکردەوە و ڕایگەیاند، حکومەتی ئەمریکا ئامادەیە گفتوگۆ لەگەڵ هەر کەسایەتیەکی جیهاندا بکات، لە ڕوانگەی ئەمریکاوە دیالۆگ بە مانای ڕەوایەتیدان بە لایەنی بەرامبەر نییە، بەڵکو نیشانەی ئامادەیی دانیشتن و گوێگرتن و ئاوگۆڕی بیروڕایە لەگەڵ هەر وڵاتێکدا، جا هاوپەیمان بێت یان دوژمن.

وتیشی، "ئەگەر دانوستانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئەنجامی هەبێت، واشنتن کراوەیە بەرامبەر بەو وتوێژانە و چوارچێوەیەکی دیاریکراویش بۆ ئەم دانوستانانە کە پێشتر لە تورکیا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە هاتوەتە ئاراوە، بەڵام لێدوانە دژبەیەکەکانی کاربەدەستانی ئێران ئەوە دەردەخات کە تاران چوارچێوەیەکی لەو شێوەیەی قبوڵ نەکردوە".

ۆبین دوپاتیکردەوە، ئەمریکا هەمیشە ئامادەی پەیوەندی لەگەڵ ئێران بوە و پابەندە بەم ئامادەییە، بەڵام جەختیکردەوە کە هەر دانوستانێك دەبێت ئەجێندایەکی ڕون و دیاریکراوی هەبێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی مانادار.

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی بە هەڵوەستی دۆناڵد ترامپ کرد لەبارەی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران و وتی، "لێدوانە گشتییەکانی سەرۆکی ئەمریکا بونە هۆی ڕاگرتنی ئەو لەسێدارەدانە بەکۆمەڵانەی کە خەریك بو ڕوبدات".

لە بەشێکی دیکەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا ڕوبین ڕایگەیاند، ئێران پێشتر ڕازی بوە بە فەرماتێکی دیاریکراو بۆ دانوستانەکان، بەڵام بە هەر هەڵکارێك ئەو دۆخە گۆڕاوە و ئەمریکاش ئامادەیە بۆ دانوستان و بۆیاربوە دیدارەکە ڕۆژی هەینی بەڕێوەبچێت.